مەحمود موعەزەمی

دەروناسی سەرکەوتن

وەرگێرانی : شاهۆ لەتیف

Scanned by CamScanner

سەرەتا سوپاستاندەکەم کە کاتتان تەرخانکردووە بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە، هەروەها سوپاستاندەکەم بۆ ئەو برە پارەی کە داوتانە و لەسەرخۆتان سەرمایەگوزاریتان پێکردووە، لە هەموویشی گرنگتر، سوپاستاندەکەم بۆ ئەو ئازایەتی و بوێرییەی نیشانتان داوە و دەتانەوێت بن بە مرۆڤێکی باشتر لەمەی کە ئێستا هەن.. مەحاڵە، مەحاڵە، مەحاڵە، مرۆڤێك، خێزانێك، کۆمەڵگایەك بیەوێت بگۆڕدرێت و باشتر بێت بەڵام خاوەنی ئەم بوونەوەرە بەمیهرەبانی خۆی یارمەتی نەدات!

پێش ئەوەی بچینە ناو بابەتەکەوە وەك نەریتی هەمیشەیم، مەبەستمە ئەو شێوازەی کە من بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکانم هەڵمبژاردووە، پێکەوە ئاشنابین و پێیدا بچینەوە، ئەو شێوازەی

Scanned by CamScanner

من هەڵمبژاردووە، شێوازێکە بەناوی ئەکسلەریت لێرنینگ (accelerate learning) بەکوردی واتە: فێرکاریی خێرا.

لەم شێوازەدا.. پێچەوانەی شێوازی ئاسایی، دوای بیست و چوار کاتژمێر لەبری ئەوەی لە سەدا هەشتای بابەتەکانتان لە بیر بچێتەوە، لە سەدا هەشتای بابەتەکان لە یادەوەریتان دەمێنێتەوە، ئەگەر ئەو ڕاهێنانانەی بەئێوەی دەڵێم ئەنجامی بدەن، تا کۆتایی تەمەن لە یادەوەریتاندا دەمێنێتەوە، لەم شێوازەدا، من زیاتر پرسیار دەکەم، پرسیار سوودی چییە؟ لە زمانی ئینگلیزی دا دەڵێن: (question hook the maind) پرسیار وەك قولاپ لە مێشکدا گیر دەبێت. چۆن؟ ئێستا هەر بابەتێك پێتان خۆشە بیری لێبکەنەوە..

- ببورە، تۆ ناوت چییە؟

نیتر بیر لەو بابەتە ناکەیتەوە کە پێش پرسیارەکەی من بیرت لێدەکردەوە، هەر ئەوەندەی پرسیارتان لێکرا، مێشکتان هەر بابەتێکی تێدابێت، فەرامۆشی دەکات و وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە. کەسانی سەرکەوتوو ئەو کەسانەن کە پرسیاری باش و پرسیاری گەورە لە خۆیان دەکەن، ئەو میللەتانە سەرکەوتوون کە پرسیاری گەورە لە خۆیان دەکەن، کەواتە ئێوەش پرسیاری باش لە خۆتان بکەن، خاڵێکی تر کە داواتان لێدەکەم بیکەن

Scanned by CamScanner

"دووپاتکردنەوەیە" بۆچی دووپاتکردنەوە؟ بۆئەوەی بابەتەکان لە میمۆریتاندا بمێننەوە.. بۆچی من ئەم شێوازەی فێربوونی خێرام هەڵبژاردووە؟ چوونکە ئێوە پارەتان داوە و کاتتان تەرخانکردووە، دەتانەوێت لەم بابەتە شتێك فێر بن.

من لە ئێران ماشینم پێ نییە، بۆ ئەوەی لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستام کە ماڵی باوکمە، بچم بۆ شوێنی کارەکەم، بە تەکسی هاتووچۆ دەکەم.. ڕۆژێکیان کە دەچووم بۆ سەر کارەکەم، تەکسییەکە بە تەنیشت دارستانێکدا دەڕۆیشت، بینیم چەند کەسێك ڕایان دەکرد و چەند کەسێکی دیکەش دوایان کەوتبوون، دەستەی یەکەم موعتادەکانبوون کە هەڵدەهاتن، دەستەی دووەمیش پۆلیسەکان بوون کە دەیانویست دەستگیریان بکەن، دواجار پۆلیسێك موعتادێکی دەستگیرکرد و ئەوی دیکەیان هەڵات، دوای بینینی ئەو دیمەنە کە لە دوانیوەڕۆیەکی گەرمدا بوو، پرسیارێکم لا دروستبوو، کە ئێستا هەمان پرسیار لە ئێوەش دەکەم: بە بۆچوونی ئێوە کامیان سەرکەوتوو بوو؟ ئەو پۆلیسەی موعتادەکەی دەستگیرکرد؟ یان ئەو موعتادەی لە دەستی پۆلیسەکە هەڵهات؟ ئەمەش بوو بە سەرەتای سیمینارێك بە ناوی سەرکەوتن، کە بۆ یەکەمجار لە زانکۆی پیشەسازی

پێشکەشم کرد.

هەموو مرۆڤەکان سەرکەوتوون. پێتان سەیرە! بێگومان لە کۆتایی ئەم بابەتەدا لەگەڵ من هاوڕادەبن کە هەموو مرۆڤەکان سەرکەوتوون، دەپرسن چۆن هەمووان سەرکەوتوون؟

سەرەتا با بزانین سەرکەوتن چییە؟ پێناسەی بنەڕەتیی سەرکەوتن، واتە (گەیشتن بە ئامانج).

یەکێك پارەی دەوێت، یەکێك تەندروستیی دەوێت، یەکێك خانووی دەوێت، یەکێك ماشینی دەوێت، یەکێك هاوسەری دەوێت، یەکێك کار و پێگەی کۆمەڵایەتی دەوێت، یەکێکیش دەیەوێت تایەی ماشینی کەسێکی دیکە پەنچەر بکات، یەکێك دەیەوێت شووشەی ماڵێك بشکێنێت، یەکێك دەیەوێت لە دەستی پۆلیس هەڵبێت، یەکێك دەیەوێت موعتادێك دەستگیر بکات..

هیچ جیاوازییەکی نییە، مەبەستی قسەکانم ئەوەیە: سەرکەوتن (میکانیزم)ێکە، هەر وەك مایکرۆفۆنێك وایە من قسە پێبکەم، کە ئەسڵەن بەلایەوە گرنگ نییە من چی دەڵێم، قسەی باش دەکەم یان خراپ، ئەو تەنها وەریدەگرێت و پەخشی دەکات.

باشە ئەگەر هەمووان سەرکەوتوون، ئەی بۆچی هەندێك کەس بریار دەدەن کێش دابەزێنن، دانابەزێت؟ بۆچی بریار دەدەن سامانداربن، نابن؟ بۆچی بریار دەدەن بە فلان پێگەی

کۆمەڵایەتی بکەن، کەچی ناگەن؟ بۆچی هەوڵدەدەن بچنە دڵی کەسێکەوە، یان کاڵایەك بفرۆشن، کەچی سەرکەوتوو نابن؟ هۆکارەکەی لەم پەرتووکەدا باس دەکەین، ئەڵبەت ئامانجی ئەم پەرتووکە هەر بۆ ئەمەیە.

ئێستا با پێکەوە یارییەك بکەین: ئێوە وێنای ئەوە بکەن کە ماشینێکی نوێتا هەیە، ماشینێکی تازە و جوان کە بە دڵی ئێوەیە، تانکییەکەی پڕە لە بەنزین، ئەم ماشینەت لە گەراجی ماڵەوە ڕاگرتووە، جار جار دێیت و سەرێکی لێدەدەیت.. ڕۆژێك بڕیار دەدەیت ئەم ماشینە ئیش پێبکەیت، دەرگای ماشینەکەت دەکەیتەوە و دەچیتە ناوی، لەسەر کورسییەکەی دادەنیشیت، دەرگاکە دادەخەیت، زۆر بە نەرمی دەرگاکەی دادەخەیت، کورسییەکەی بە تەواوی پشتی پڕ کردوویتەوە، هەست بە ئاسایش و ئارامی و دڵنیایی و خاوەندارێتی دەکەیت، ئاوەوەی بۆنێکی خۆشی لێدێت، بۆنی تازەیی، دەست دەیخەنە سەر سوکانەکەی و هەستدەکەیت ئەم ماشینە هی خۆتە، سولف لێدەدەیت و ئیشی پێدەکەیت، بەنزینی دەدەیتێ، ئەوەی کە ئەم ماشینە جوان و پڕ بەنزینە لەژێرتدایە، بە تەواوی چێژ وەردەگریت، ماوەیەك لە جێگەی خۆتدا بەنزینی دەدەیتێ، بەڵام شتێکی وەها ڕوونادات، تاوەکوو بڕیار دەدەیت بیدەی بە بەگ، بەهێواشی ماشینەکەت

دەخەیتە گێری بەگ و بەنزینی دەدەیتێ، ماشینەکەت دەچێتە دواوە، زیاتر بەنزینی دەدەیتێ، زیاتر دەچێتە دواوە، تاکوو دەگەیتە ئەوەی دەبێت بوەستیت، ئێستا دەوەستیت و گێرەکە دەخەیتە بۆش و پاشان گێری ڕۆیشتن.. دەستدەکەیت بە ڕۆیشتن، لەسەر شەقامەکە بەرەو پێشەوە دەڕۆیت، بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە دەبینیت ماشینە کۆنەکان، ماشینە دەستی دووەکان، شۆفێرە ناشییەکان پێشت دەکەون! بەنزینی دەدەیتێ و ماشینەکەت دووکەڵ دەکات، دەنگ دەردەکات، ماندوو بوویت و سەرت سوڕماوە چۆن ئەم ماشینە داشقانە پێشت دەکەون؟ بەخۆت دەڵێیت خۆ ماشینەکەم تازەیە، مەکینەیەکی بەهێزی هەیە، تایەکانی باشن! تاکوو بۆتدەردەکەوێت زۆر بەنزین سەرف دەکەیت، بەڵام بۆتدەرەکەوێت کە برێکت دانەداوەتەوە، پاشان برێکەکەت دادەدەیتەوە و پێت لەسەر ئیستۆپ هەڵدەگریت، بەنزینی دەدەیتێ و دەڕۆیت، ئێستا هەستدەکەیت ماشینکەت بەهێز و نەرمە، هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، چێژ وەردەگری لە دیمەنەکان، لە شەقام، لە خۆت، لەوەی ماشینێکی باشت پێیە، هەستدەکەیت ئێستا مەسرەفی بەنزینت کەم بووەتەوە، جاران ماندوو دەبوویت، بەڵام ئێستا ماندوو نیت.. بە خێراییەکی کەم، زۆرترین ڕێگا دەبڕی و زۆر چێژ وەردەگریت، وردە وردە دەبێت بە شەو دنیا

ی دەبێت، هەر بەم شێوەیەی کە خەریکی لێیدەخوڕیت، ستدەکەیت لە ناکاو سوکانەکە بە دەستەوە دەلەرزێت، شینەکە لەژێرتا دەستدەکات بە لەرزین و خەریکە بۆت کۆنترۆڵ کرێت.. پرسیار لە خۆت دەکەیت ئێستا دەبێت چی بکەم؟ ژیری بێت دەڵێت: دەبێت ئیستۆپ بگریت، پێ دەخەیتە سەر ئیستۆپ و گێرەکە دەخەیتە بۆش و ڕادەوەستیت، ڕێگە دەدەیت تەپوتۆزەکان بنیشنەوە، وادیارە چوویتە سەر ڕێگەی خۆڵ، کاتێك تۆز و خۆڵەکە نیشتەوە، سوکانەکە دەسوڕێنیت و دەچیتەوە سەر جادە سەرەکییەکە، دووبارە هەمان ئاسوودەیی، هەمان ئاسایش، هەمان دڵنیایی، هەمان کۆنترۆڵ دەگەڕێتەوە، چێژ وەردەگریت لەو شۆفێرییە، وردە وردە نزیکی بەیانییە، تۆیش هەر چرکەیەك لە ئاوات و ئامانج و ئارەزووەکانت نزیك و نزیکتر دەبیتەوە، ماشینکەت دەڕوات و زۆر دڵخۆشی کە بە خواست و ئامانجەکانتان گەیشتوویت، لە بوونی خۆت، لەوەی کۆنترۆڵت لە دەستدایە، لەوەی کە دەتوانیت بە خواستەکانت بگەیت، خۆشحاڵ و دڵنیایت، ئێستا ئیشارەت دادەگیرسێنیت و ماشینکەت لە جێگایەکدا بە ئارامی پارك دەکەیت و دەیکوژێنیتەوە، سویچەکەی لێدەکەیتەوە و جامەکانی دادەخەیت، برێکەکە رادەکێشیت و دادەبەزیت.

من لەم خەیاڵ و بەرجەستەکردنەی ئەنجامماندا، مەبەستێکم هەیە: مەبەستم ئەوەیە تەواوی مێشکی ناخودئاگای ئێوە بە شتێك ئاشنا ببێت.

ئەو ماشینە، چ ماشینێکە؟ ئەو ماشینە (میکانزمی سەرکەوتنە) هەر یەك لە ئێوە باشترین میکانزمی جیهانتان هەیە، تەواو تازە و پڕ لە بەنزینە، زۆر نەرم و زۆر جوانە، ئەو ماشینەش، ماشینی سەرکەوتنتانە.

ئێستا با جارێکی دیکە پێکەوە پێداچوونەوەیەك بەو پێناسەیەدا بکەین کە بۆ سەرکەوتن کردمان و زۆر جێگەی سەرسوڕمانیشە.

گوتمان هەمووان سەرکەوتوون، هەموان سەرکەوتوون، چونکە هەمووان خاوەنی ئەم میکانیزمەن، ئێستا تۆ ئەم میکانیزمەت لەبەردەستدایە و لە گەراجی ماڵەوە پارکتکردووە، بۆچی باشە؟ چ سوودێکی هەیە؟!

هەموومان لە ژیانماندا میکانیزمی سەرکەوتنمان هەیە، زۆربەمان بەکارناهێنین، بەڵام مرۆڤ چ کاتێك سواری ماشینەکەی دەبێت؟ کاتێك کە دەیەوێت بچێت بۆ شوێنێك، کاتێك دەیەوێت بچێت بۆ شوێنێك ماشینکەی دەخاتە نیش، یەکەمین بزوێنەر کە ماشینی سەرکەوتن دەخاتە نیش (نامانج)ە ئەو کەسەی نامانجی

Scanned by CamScanner

نییە، ماشینەکەی بە ڕێدا ناڕوات، هەر ئەوەندەی ویستت زەماوەند بکەیت، هەر ئەوەندەی ویستت ساماندار بیت، هەر ئەوەندەی ویستت ببیت بە خاوەنی پێگەیەك، هەر ئەوەندەی ویستت پێشبکەویت، میکانزمەکەت دادەگیرسێت.. باشە داگیرسا، چوویتە ناوەوە و دانیشتیت، دەبێت بەڕێبکەویت، کەواتە دووەم (هەنگاونان)ە.

واتە تەنیا من بمەوێت سامانداربم، دەوڵەمەندبم، بەختەوەربم، بە پلە و پیشەیەك بگەم، بەس نییە، لە ماڵەوە دابنیشم و بڵێم خۆی دێت، نەخێر دەبێت هەنگاوی بۆ بنێم.. هەنگاو، پردی نێوان دنیای دەروون و دنیای دەرەوەیە، دەبێت سواری ماشینکە ببیت و سولف لێبدەیت و بیخەیتە ئیش، ئەگەر نەیخەیتە ئیش هیچ ڕوونادات، هەندێك دەڵێن کاکە من لە بەیانییەوە تا ئێوارە ئیش دەکەم، بەڵام هیچم بە هیچ نابێت! ئەسڵەن ژیانم ناگۆڕێت! ئەم جۆرە کەسانە کێن؟ واتە دەزانێت ئامانجی ئەوەیە کە دوڵەمەند بێت، زەواج بکات، ئاسوودە بێت.. هتد، ماشینەکەشی دەخاتە ئیش، دەچێت ئیش دەکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناگۆڕێت، بەڵام بۆچی؟ چونکە ماشینەکەی لە بۆشدایە! بەنزینی دەداتێ، بەڵام ناڕوات، زۆر کەس زەحمەتدەکێشن، بەڵام ناگۆڕێن، بۆیە تەنیا بە کار و هەوڵدان نییە، دەبێت بزانیت ماشینەکەت لە چ گێڕێکە؟

ئەسڵەن لە گێڕە یان نا؟ هەندیك كەس ماشینەكەیان لە بۆشدایە، هەندێك كەسی تر هەن دەڵێن بەڕێز موعەزەمی من لە بەیانییەوە تا ئێوارە ئیش دەكەم، بەڵام تا بێت ژیانم خراپتر دەبێت، قەرزەكانم زیاتر دەبێت، هاوسەرەكەم نارازیتر دەبێت، تابێت بۆ دواوە دەچم، بۆچی؟ چونكە گێڕەكەی لە بەگە! واتە هەوڵدەدات، بەڵام هەر بۆ دواوە دەڕوات، میكانزمی هەیە، ماشینەكەیشی باش ئیش دەكات، ئامانجیشی هەیە، بەڵام هەرچی هەوڵدەدات بەدبەختتر دەبێت، هەرچەند ئیش دەكات قەرزەكانی زیاتر دەبن، چونكە لە گێڕی بەگە! واتە دژی خۆی ئیش دەكات.

هەندێكیش تا كۆتایی تەمەنیان هەر بە گێری بەگ دەڕۆن، چونكە سیستەمی ماشینەكەیان لەسەر گێری بەگە، خۆ گێری بەگیش شتێكی باشە، خراپ نییە، بەڵام جار جارە، ئەویش دەبێت بێیتە دواوە بۆ ئەوەی بچیتە پێشەوە، نەوەك هەر لە بەگدا بمێنیتەوە.

هەیە دەڵێت من لە بەیانییەوە تا ئێوارە ئیش دەكەم، پشتم شكاوە، تەنها پێست و ئێسقانم ماوەتەوە، هەر شوێنێك بڵێیت ڕۆیشتووم، هەر كارێك بڵێیت كردوومە، بەڵام نازانم بۆچی بە ئامانجەكانم ناگەم؟! فلان كەس بە ئاسانی پارە پەیدا دەكات، نازانم ئەم شانسەی لەكوێ بوو! هەموو كەس خۆشیدەوێت، منیش

Scanned by CamScanner

هەرچەند هاوار دەکەم، کەس گرنگیم پێنادات! بۆچی هەمیشە من ماندووم و ئەو خۆشحاڵە؟! ئەو هەموو کاتەی هەیە دەچێت بۆ سەفەر، بۆ گەشت و سەیران، بەڵام من بەیانی تا ئێوارە خۆم دەڕەتێنم، کەچی هێشتا فریا ناکەوم!

بۆچی ئەم کەسانە وەهان؟! چونکە ماشینەکەیان لە ئیستۆپە! واتە بۆئەوەی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، سەرەڕای دیاریکردنی ئامانج و هەنگاونان بۆی، دەبێت یەکدڵ بێت.. هەیە دەڵێت من پارەم دەوێت، دەڵێم باشە بسمیللا، دەستپێبکە، دەستپێدەکات و پاش ماوەیەك دەڵێت بەڕێز موعەزەمی ئاخرییەکەی چی؟ خۆ هەمووومان هەر دەمرین، دەڵێم کاکە پارەت دەوێت یان ناتەوێت؟ دەڵێت: ئەگەر من پارەدار و ساماندارىم، منداڵەکانم دەیخۆن، لێمدەدزن و..هتد. لە کەنەدا کەسانێك ئاوەهان، کەنەدییەکان دەڵێن من بۆ ئیش بکەم؟ ئیش بکەم باج بە دەوڵەت بدەم؟ دەڵێم باشە، باج بدە، نیوەی دەدەیت و نیوەی بۆ خۆت دەمێنێتەوە، کەچی نایکات! چونکە مەرگی خۆی و زیانی خاوەنەکەی دەوێت.

هەندێك کەس ئاوایە، دەیەوێت دەوڵەمەند بێت، بەڵام ئیستۆپێکیشی هەیە، دەڵێت من ئیش بکەم بۆ ئەوەی باج بدەم؟ دەی کاتێك خەریکی لەم شارەدا دەژیت و سوود لە شەقام و

خزمەتگوزارییەکانی وەردەگریت، دەبێت باجەکەشی بدەیت!
ئەمانە بە پارەی من و تۆ دروست دەکرێن.

مرۆڤ دوو ئیستۆپی زۆر گەورە کۆنترۆڵی دەکات، یەکەم (ترس) و دووەم (هەستکردن بە گوناه)، ئەم دوو ترسە زۆر ڕاماندەگرن، هیچ کەسیش لەم دوو ترسە پارێزراو نییە، ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوو بیت، جێگەی ترس بە عەشق و جێگەی هەستکردن بە گوناه بە بەرپرسیارێتی پڕ بکەرەوە، هەست بە گوناه دەکەیت؟ مەیکە، کارێك بکە بۆ قەرەبووکردنەوەی.. دەترسیت؟ لەبری ئەوەی لە ئەنجامدانی کارێك بترسیت، عاشقی ئەنجامدانی کارێك بە، کەسانێك هەن دەڵێن: من دەمەوێت پیشە و پلە و پۆستێکم هەبێت، لێی دەپرسیت بۆچیتە؟ دەڵێت بۆ ئەوەی خەڵك لە پاشەملە باسم نەکەن، ئەم جۆرە کەسانە ترسیان هەیە لە قسەی خەڵکی! لەبری ئەوەی بڵێن ئەگەر من سەرکەوتوو و بەختەوەر و شادوومان بم، بەم پلە و پۆستە بگەم، دەتوانم ببمە کەسێکی سوودبەخشتر و کاریگەرتر و خزمەتی زیاتر بکەم..

کاتێك لاو بووم، ڕۆژێك لە باوکم پرسی: "مرۆڤ بۆ ئەوەی بژییەت دەبێت بە عەقڵ بڕیار بدات یان بە هەستەکانی؟ وەك هەمووان چاوەڕێبووم بڵێت بە عەقڵ کار بکە.. کەمێك سەیریکردم (باوکم توانایەکی گەورەی لە نموونە هێنانەوەدا هەیە)

لە وەڵامدا گوتی: "کوڕەکەم، ماشینێکی باش ئیستۆپ و سوکانی هەیە یان بەنزین و بزوێنەر؟" گوتم: "دەبێت هەموویانی هەبێت" گوتی: "(هەست) زیندووترین بەشی ژیانە، ئەو کەسەی هەستی نییە، مرۆڤ نییە، عەشق و خرۆشان و رق و پێکەنین و گریان، ئەمانە هەموو مرۆڤ بە زیندووی دەهێڵنەوە، هەست ماتۆڕی ژیانە، سوتەمەنیی ژیانە، پایدەری بەنزینە دەتباتە پێشەوە، بەڵام وای بە حاڵی ماشینێك کە ئیستۆپ و سوکانی نەبێت! هەر ئەم وروژانە هەر ئەم ماتۆرە باشە، ئەیدات بە دیواردا، هەم زیان بە خۆی دەگەیەنێت، هەم بەوانی دیکەش، عەقڵیش سوکانە، عەقڵ ئیستۆپە، هەندێکجار دەتوانێت ڕێگە لە هەست بگرێت، ئێمە هەر دووکیانمان پێویستە".

ئەم نموونەیە تا ئێستاش لە یادەوەریی مندا هەر ماوەتەوە و بە شێوەی جیاواز لە سیمینارەکانی سەرکەوتندا بۆ هاوڕێکانمی باس دەکەم، ئێوەش ئەگەر دەتانەوێت سەرکەوتووبن، بە عەقڵتان، واتە بە ئامانج و بە پلان، ڕێگایەکی ئاسنین دروست بکەن بەرەو ئامانج و سەرکەوتن، پاشان لەسەر ئەو ڕێگا ئاسنە شەمەندەفەری هەستەکانتان دابنێن و بیخەنە کار، ئیتر کاتێك بە ڕێگەدا دەڕۆن، یەکدڵن، ئەوکات هەم سەرکەوتوون و هەم بەختەوەرن.

بە کورتی واتە: بیربکەرەوە وەك ئاسنی سارد، هەنگاو بنێ، وەك ئاگر گەرم.. کاتێك کە بڕیار دەدەیت بە ئامانجەکەت بگەیت، ئیتر دوودڵی و ترس و گومان لە دڵت بکەرە دەرەوە، عاشقی ئامانجەکەت بە، عاشقی خواستەکەت بە، عاشقی ئەو کارە بە کە خەریکیت ئەنجامی دەدەیت، ئەگەر ئەو کارەی خەریکیت ئەنجامی دەدەیت، خۆشتنەویێت و عاشقی نەبیت، سەرکەوتوو نابیت، چونکە بەیانی تا ئێوارە خەریکی خۆت ئازار دەدەیت تەنیا بۆ کەمێك پارە.

"ڕۆیشتن بە بیاباندا باشترە لە دانیشتنی بەتاڵ، ئەگەر نەگەیشتیت بە ئامانجەکەت، تێبکۆشە بۆ مەعشوقەکەت" هەوڵی خۆتبدە، عاشقەکانیش هەر لە ڕێگەی مەعشوقدا هەنگاو دەنێن، عاشقەکان کاتێك بە مەعشوقەکانیان دەگەن، مەعشوقێکی دیکە هەڵدەبژێرن، چونکە حەزیان لێیە، چێژ لە هەنگاونان وەردەگرن، چێژ لە سوودمەندبوون وەردەگرن.

بەڵام جادەی خۆڵینتان خۆشبوویێت، باوەڕبکەن کاتێك بۆم ڕوونکردنەوە، دەزانن جادەی خۆڵ شتێکی زۆر باشە.. جادەی خۆڵین واتە چی؟ جادەی خۆڵین بەشێکە لە جادە، جادەی بێ کەنار، ئەسڵەن جادە نییە، بیهێنە پێشچاوت وابزانە لە بیابانێکدا ون بوویت، گەرما یان سەرمایەکی زۆرە، گیانت لە مەترسیدایە،

Scanned by CamScanner

ئاژەڵی درندەشی لێیە، لە دۆخێکی وەهادا بەشوێن چیدا دەگەڕێیت؟ بەشوێن تووڵەڕێ یان کوێرە ڕێگەیەکدا دەگەڕێیت تا بتباتە سەر ڕێگایەکی سەرەکی|.. ئەگەر لەم دۆخەدا جادەیەك بدۆزییەوە قیرتاو بێت، خۆشحاڵ دەبیت، دەچیتە سەر جادە قیرەکە و ئیتر دەزانیت لە ڕاستەوە بڕۆیت یان لە چەپ، درەنگ یان زوو دەگەیت بە ئاوەدانیی.. قیرتاو باشە یان نا؟ بێگومان باشە، چونکە تۆ لە ونبوون ڕزگار دەکات.

ئێستا کەسێك تۆی زۆر خۆشدەوێت، دەڵێت من تۆم زۆر خۆشدەوێت، تەواوی بیابانەکەت بۆ قیرتاو دەکەم، تۆ چی دەکەیت؟ دیسان ون دەبیت! جادەی خۆڵین زۆر باشە، باش سەرنج بدەن بە تەواوی وجوودەوە، هەموو دژەکان لە ژیانی ئێوەدا جادەی خۆڵینن، ئەو کەسانەی ڕەخنەت لێدەگرن جادەی خۆڵینن، ئەو کەسانەی لەگەڵت هاوڕانین جادەی خۆڵینن، ئەو کەسانەی هاودەنگت نین جادەی خۆڵینن، ئەوانیش بەشێکن لە ژیان، بەشێکن لە جادە، بەشێکن لە سەرکەوتن، هیچ کات لێیان مەترسە، هیچ کات لێیان ڕامەکە، هیچ کات مەیانسڕەوە، هەموو ئەو سیستەمانەی دژەکانیان دەسڕنەوە، یان دەکەونە ناو بیابانەوە، یان بە شێوەیەکی کاتی دەکەونە ناو بیابانێکی قیرتاوکراوەوە، وا دەزانن هەموو شتێك باشە، بەڵام بە زوویی بۆیان دەردەکەویت کە

ونبوون! ئەو کەسەی تەحەمولی دژەکەی ناکات، جا ئیتر هاوسەرەکەیەتی،منداڵەکەیەتی،سەرۆکەکەیەتی، کارمەندەکەیەتی، هاوڕێکەیەتی، گرنگ نییە هەر کەسێکە، ئەو کەسەی بیروباوەڕی دژەکەی تەحەمول نەکات، سەرکەوتن ناناسێت و سەریش ناکەوێت.. ئەو کەسەی ڕێز لە جادەی خۆڵ نەگرێت و بیەوێت قیرتاوی بکات، خۆی دەخاتە مەینەتییەوە و لە ڕێگە لا دەدات، ئێرە قیرتاوە، ئەوێش قیرتاوە، ئەولاش قیرتاوە، باشترە لە بیابان ڕێگەیەك یان دوو ڕێگەی قیرتاو هەبێت. لێگەڕێ با هەمووی دژ بێت، بۆئەوەی بزانیت بۆ کوێ دەچیت و هەر کاتێك ویستت لە ڕێگە لا بدەیت، ئەو پێت بڵێت.. ژنەکەت لەگەڵت نایەت، بەرهەڵستیت دەکات، دایم بەهانە دەگرێت و بۆڵەبۆڵ دەکات، من ناڵێم بیانوگرتن و ڕەشبینی شتێکی باشە، بەلام بەشێکە لە ژیان.

ئازیزانم، کێشەکان خودی سەرکەوتنن، کێشە یانی سەرکەوتن، سەرکەوتن واتە بەدیهێنانی کێشە، کەناری خۆڵین واتە جادە، هیچ کات لە دوژمنەکانت مەترسە، دژەکان لە ڕاستیدا خەریکن یارمەتیمان دەدەن، وەك ئەو ڕێنماییانەی لەسەر شەقامەکان دانراون.. بۆنموونە تۆ دەتەوێت لە شەقامێك بپەڕیتەوە، پوتێرنیان دروستکردووە، عەمودیان چەقاندووە،

تابلۆیان هەڵواسیووە، ئەگەر بڵێیت نا، من بەڕێگەی خۆمدا دەپەرمەوە، بە ڕێگەی خۆمدا دەڕۆم، دەی برۆ! خۆت زەرەر دەکەیت! دژت نییە، ڕێگەکەت نیشان دەدات.

لێرەدا چیرۆکێکتان بۆ دەگێرمەوە: گەنجێك کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ من هەبوو و ناسراوم بوو، رۆژێك پێیگوتم: فلان کەس زۆر زیرەکە، لە بیرتان بێت کاتێك کەسێك هەر لە خۆوە وەسفی کەسێك دەکات، کردوویەتی بە پێشەنگ بۆ خۆی، من لەبەرئەوەی ئەو کەسەم دەناسی، نیگەران بووم، چونکە ئەو کەسە تەقریبەن کەسێکی سەرکەوتوو نەبوو، ئێستا پێتان دەڵێم بۆچی.. پێمگوت ئازیزی من، بۆچی پێتوایە کەسێکی زیرەکە؟ گوتی: دەزانێت بۆ خۆی بژی، ساماندارە، وەزعی باشە، هەمووان بەکار دەهێنێت، لێمپرسی: زیرەکی یانی چی؟ با ئێمەش بیزانین، پێناسەکەی چییە؟ زیرەك کێیە؟ زیرەکی چییە؟ ئەم پرسیارە لە خۆم و ئێوەش دەکەم؟ چونکە ئێمە هەموومان حەز دەکەین زیرەك بین، براوە بین.

ئازیزانم من لەو باوەڕەدام، ئەمە باوەڕی تایبەتیمە: گەورەترین زیرەکیی دنیا، گەورەترین زیرەکی کە لەو باڵاتر بوونی نییە، ئەوەیە کە بەختەوەر بیت، خۆشبەختی، ژیانی پر لە شادی،

Scanned by CamScanner

سوودمەندبوون، کاریگەربوون، ئەمانە گەورەترین زیرەکین لە دنیا، ئەسڵەن لەمە باڵاترمان نییە..

من بەو دۆستە ئازیزەم گوت: بە ڕای تۆ ئەو کەسێکی بەختەوەرە؟ کەمێك بیریکردەوە و گوتی: نەخێر.. گوتم: ئیتر پارەی بۆ چییە؟ پێگەی کۆمەڵایەتی بۆ چییە؟ بۆچی باشە؟! دواجار دەیەوێت بەمانە چی بکات؟ دەتوانێت لە ناخی دڵەوە پێبکەنێت؟ دەتوانێت لەگەڵ هاوسەرەکەی هاودڵ و ڕاستگۆ بێت؟ دەتوانێت لەگەڵ منداڵەکەی پەیوەندییەکی باشی هەبێت؟ دەتوانێت دوو هاوڕێی گیانی بەگیانیی هەبێت؟ نییەتی.

با منداڵەکانمان فێربکەین، ئەمە بخەینە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنمانەوە، بیکەینە بەشێك لە وانە سەرەکییەکان: گەورەترین سەرکەوتنی تۆ، گەورەترین خزمەتی تۆ بەخۆت و کۆمەڵگەکەت و ئەوانی تر، ئەوەیە کە بەختەوەر بیت.

بەختەوەریی چییە؟ بەختەوەریی لە ڕەگەزی ئیحساسە، بەختەوەریی هەستکردنە، بەختەوەریی واتە: هیچ کەس لەم دنیایەدا نییە ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت بەختەوەر نەبووبێت، بەڵام ئەو کەسانەی کە ساتەکانیان کەمە لەچاو ئەوانیتردا، خۆیان بە بەختەوەر نازانن، ئەو کەسانەشی کە بەختەوەرن، ساتەکانی بەختەوەرییان زیاترە.. هەستکردن بە بەختەوەریی لە چییەوە بەدی

Scanned by CamScanner

دێت؟ بەختەوەریی: شایستەبوونێکە، توانایییەکە لە "مەکتەبی کەماڵ"دا ئێمە پێناسەیەکمان هەیە بۆی "تۆ کەی هەست بە نارامی دەکەیت؟ کەی هەستێکی خۆشت سەبارەت بە خۆت هەیە؟ کەی هەستدەکەیت لەگەڵ خۆتدا کۆکیت؟ ئەو ساتە بهێنەرەوە پێشچاوت کە بەختەوەربوویت، ساتێك کە حاڵت باش بووە، هەر ئێستا بیهێنەرە پێشچاوت.. هاوسەرگیرییتکردووە، منداڵت بووە، دامەزراویت، قەرزەکانت داوەتەوە، پاشەکەوتت کردووە، هەر کارێکت کردووە ئەو ساتەی کە هەستێکی باشت هەبووە و هەستت بە بەختەوەریی کردووە، چ ساتێك بووە؟ ئەو ساتە بووە کە توانیوتە خۆتت خۆشبووێت. بەختەوەریی واتە: توانای خۆشویستن و ڕێزگرتن لە خۆت. هەر کاتێك کە تیایدا تۆ بتوانیت خۆتت خۆشبووێت و ڕێز لە نیشانەی ئەو خۆشەویستییە بگریت، تۆ کەسێکی بەختەوەریت.

بۆچی هەژاری، بەختەوەری بۆ مرۆڤ ناهێنێت؟ بۆچی بەختەوەری کەمدەکاتەوە؟ چونکە پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خۆی خراپ دەبێت. ئاخر من چۆن بژیم؟ چی وەڵامی هاوسەرەکەم بدەمەوە؟ چی وەڵامی منداڵەکانم بدەمەوە؟ چی وەڵامی خواستەکانی خۆم بدەمەوە؟ هەژاری لەو ڕووەوە خراپە کە هەستکردن بە بەختەوەری و توانای خۆشویستنت دێنێتە خوارەوە.

بۆچی نەخۆشی دژی بەختەوەرییە؟ چونکە کاتێك نەخۆشی، خۆتت خۆشناوێت، ئێش و ئازارە؟ خودی ئێش و ئازارەکە گرنگ نییە، مرۆڤ دەتوانێت تەحەمولی زۆر ئێش و ئازار بکات و بەختەوەریش بێت، بەڵام نەخۆشی وا دەکات لەگەڵ خۆت پەیوەندیت خراپ بێت.

چەند ساڵ لەمەوبەر من لە نەخۆشخانە نەشتەرگەریی ریخۆڵەکوێرەم کردبوو، بۆ ئەوەی حاڵم باشتربێت دەبوو پیاسە بکەم، پیاسەم دەکرد و بە ژوورەکاندا دەگەڕام و سەرم لە نەخۆشەکان دەدا.. چوومە ژوورێکەوە پێیان گوتم: ئەم نەخۆشە زۆر خەمبارە تۆزێك قسەی لەگەڵدا بکە، چووم بۆ لای بینیم ئەو پیاوە نەخۆشیی شەکرەی هەبووە و لێی پیس کردووە و قاچیان بڕیوەتەوە. گوتبووی دەمەوێت خۆم بکوژم، بۆچی دەیویست خۆی بکوژێت؟ چونکە ئیتر خۆی خۆشناوێت، ناتوانێت تەحەمولی ئەوە بکات کە قاچێکی نییە، شتێکی ئاسانیش نییە.. چووم بۆلای و پێم گوتم: من دەزانم تووشی چ کێشەیەك بوویت، دەتەوێت چیرۆکێکی راستەقینەت بۆ بگێڕمەوە؟ بە بێتاقەتییەکەوە سەرێکی خست بەلادا.. گوتم: وایدادەنێم حەزەکەیت بۆت بگێڕمەوە، گوتم: ڕۆژێك لە کۆڕی مامۆستاکەماندا بووین، دوای ئەوەی وانەکەی تەواوبوو، لێی پرسیم: کوڕە گەنجەکە ڕای تۆ چییە

سەبارەت بەم وانەیە؟ پێمخۆشە گوێم لە ڕای تۆ بێت. گوتم: مامۆستا من کاتێك تەمەنم دوازدە سیازدە ساڵان بوو دوو سێ جار هەوڵمدا خۆم بکوژم، بەڵام ترسام، ئێستا زۆر خۆشحاڵم کە ترسام و خۆمم نەکوشت، چونکە زیندووم و تۆ و ئەم مرۆڤە باشانە دەناسم، ئەم زانستانە فێردەبم، ئێستا زۆر ژیانم خۆشدەوێت، ئەوانیتر کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە، مامۆستا بە سەرپەرشتیاری کۆڕەکەی گوت: ڕێگەم دەدەیت من قسەکانی ئەم هاوڕێ گەنجە تەواو بکەم؟ گوتی: فەرموو.. گوتی: "هاوڕێی ئازیز، لەبیرت نەچێت ئەوە خۆکوشتن نییە کە ئازایەتیی دەوێت، ئەوە ژیانە کە ئازایەتی دەوێت، ئازایەتی ژیانت هەبوو و بەردەوام بوویت، خۆکوشتن پیشەی ترسنۆکەکانە، تەسلیمبوون کاری ترسنۆکەکانە، مادەم ژیانت هەڵبژارد مەڵێ ترسام، بڵێ چونکە ئازایەتی ژیانم هەبوو درێژەم پێدا" ڕۆژی دواتر ئەو پیاوەم بینی بە گۆچانێکەوە هاتە دەرەوە، چونکە تێگەیشت کە ژیان ئەمەیە.

بەختەوەریی واتە: توانای ڕێزگرتن و خۆشویستنی خود، ئەمەش مەرجی گەورەی هەیە، ئەو مەرجە گەورەش ئەوەیە دەبێت بتوانیت: خۆت بەوشێوەیەی کە هەیت قبووڵ بێت. قەڵەوی، زەعیفی، باڵابەرزی، کورتە باڵای، ڕەشپێستیت، سپیپێستت، شارییت، لادێیت..هتد، ئەسڵەن گرنگ نییە، هەر

بەو شێوەیەی کە هەیت خۆتت قبوڵ بێت. ئەگەر توانیت قبووڵی بکەیت، گۆڕان دەستپێدەکات، ئەگەر توانیت قبووڵی بکەیت، دەستدەکەیت بە خۆشویستنی خۆت، کاتێکیش کەسێکت خۆشویست، تەواوی وزەت، هەموو بوونت دەخەیتە کار تا یارمەتی بدەیت، برێکەکەت دادەدەیتەوە و پێت لەسەر ئیستۆپ هەڵدەگریت، تەنیا بەنزینی دەدەیتێ.

کێشەی گەورەی مرۆڤەکان ئەوەیە کە خۆیانیان خۆشناوێت، نەك میکانزمی سەرکەوتنیان نەبێت، هەموو مرۆڤەکان سەرکەوتوون، وەك ئەو موعتادەی لە دەستی پۆلیسەکە ڕایکرد، وەك ئەو پۆلیسەی موعتادەکەی گرت. ئەو موعتادەی شووشەی ماشینێك دەشکێنێت، کەسێکی خراپ نییە، کەسێکی نیازمەندە، دەبێت یارمەتیی بدەین، بە دڵنیاییشەوە کەسێکی بەختەوەر نییە، بۆیە شووشەی ماشینێك دەشکێنێت کە تەسجیلێك یان پارەیەك بدزێت، یان هەر شتێکی دەستبکەوێت، ئەمە کەسێکی بەختەوەر نییە، بەڵام سەرکەوتووە، زۆریش هۆشیارانە سەرکەوتووە. تەنانەت بەڵگەت بۆ دەهێنێتەوە، فەلسەفەت بۆ ڕیز دەکات کە بۆچی موعتاد بووە، چونکە میکانیزمی سەرکەوتنی نیش دەکات، دەبێت باوەڕ بە خۆی بهێنێت کە موعتادبوون شتێکی باشە، تا کاتێك کە ڕقی لە

Scanned by CamScanner

موعتادبوون نەبێتەوە، ناتوانێت تەرکی بکات، لەبەر ئەوەیە دەڵێن هەرگیز کەسی موعتاد مەشارنەوە با هەمووان بزانن کە موعتادە، ئەگەر باشە، شانازیی پێوە بکات، ئەگەر خراپە، با تەرکی بکات.

بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت، پێویست ناکات هیچ بکەیت، کلیلەکەی ئەوەیە کە خۆتت خۆشبووێت. ئەمەش ناکرێت، تا کاتێك کە خۆت قبووڵ بکەیت.. کە چوویتە بەر ئاوێنە، تەماشایەکی خۆت بکە و خۆت ماچ بکە. دەڵێیت من ناشیرینم، من گێژم، ئێ ئافەرین چەند تێگەیشتووی!! هەموو هەوڵی مرۆڤەکان بۆ ئەوەیە لەگەڵ خۆیاندا ئاشت ببنەوە، دەچێت ماشینی مۆدێل بەرز دەکرێت، باشترین جلوبەرگ دەکرێت، باشترین دیارییەکان دەکرێت، باشترین وتارەکان دەدات، هەموو ئەم کارانە دەکات بۆ ئەوەی سەرنجی لێبدەن و خۆشیان بووێت.

ئێستا دەمەوێت کلیلێکتان بدەمێ، کلیلەکەش ئەمەیە: ئەگەر هەموو دنیا وەسفی من بکات، ئایا من حاڵم باشتر دەبێت یان خراپتر؟ باشتر دەبێت. بۆچی؟ چونکە پێموایە: من کەسێکی بەرێزم، من کەسێکی خۆشەویستم، خەڵك رێزم لێدەگرن، بەگرنگم دەزانن، کەسێکی گرنگ و سوودبەخشم، بەردەوام حاڵم باشتر دەبێت، بۆچی حاڵم باشتر دەبێت، چونکە هەموو وەسفی خەڵکی

Scanned by CamScanner

دنیا بۆ من بە یەك ڕستە کۆتایی پێدێت: "تۆ خۆشەویستی" لەمە زیاتر نییە.. کاتێك وەسفت دەکەن، دەگەیتە ئەو دەرەنجامەی کە "من خۆشەویستم" دەبێت تۆ بگەیتە ئەو دەرەنجامەی کە کەسێکی خۆشەویستیت، دەی بۆچی دەیخەیتە دەستی ئەوانی تر؟ بۆچی ڕێگە دەدەیت ئەوانی تر پێت بڵێن تۆ خۆشەویستی یان نا؟! دەبێت خۆت خۆتت خۆشبووێت، خۆت ڕێز لە خۆت بگریت، چۆن خەڵکی ڕێز لە من دەگرن کاتێك من ڕێز لە خۆم ناگرم؟ چۆن دەکرێت خەڵك منیان خۆشبووێت لە کاتێکدا من خۆمم خۆشنەوێت؟! چۆن دەکرێت ئەوانی تر من قبووڵ بکەن، لە کاتێکدا من خۆمم قبووڵ نەبێت؟!

هەندێك کەستان دیوە کاتێك دەچنە کۆڕێکەوە هەمووان بێدەنگ دەبن؟! سڵاو، بەقوربانت بم، ڕێزت هەیە، مەنوونم.. چییە؟ هەست بە نەخوازراوی دەکات، دەیەوێت خۆی هەڵواسێ و بە هەمووان بڵێ سەرنجم لێبدەن، خۆیشی دەزانێت کەس خۆشی ناوێت، ئەمە کام قۆناغی ماشینکەیە؟ چووەتە سەر خۆڵ.. بێدەنگ بە، ئەوەندە سواڵی خۆشەویستی و سەرنجلێدان مەکە، ڕاوەستە، یەك دەقە ڕاوەستە و بڵێ: من چیمە، چیم بەسەر هاتووە؟!

خوشکان، برایان، بۆنموونە: یەکێك پاسکیلی پێیە، یەکێك مارسیدسی ئاخر مۆدێل، یەکێك بی ئێم..هتد، ئەگەر تۆ پاسکیلێکت پێیە، بەو پاسکیلە دەچیت بۆ سەر کار و دەگەڕێیتەوە، چونکە دراوسێکەت مارسیدسی پێیە، دەبێت تۆ لەقە لە پاسکیلەکەت بدەیت؟ یان دەبێت بیپارێزیت؟ بێگومان دەبێت بیپارێزیت، چونکە ئەم پاسکیلەیە تۆ دەبات و دەتگەیەنێت.

ئەو پاسکیلە جەستەی خۆتە، خۆشتبوێت، ڕێزی بگرە، بیڕازێنەرەوە، مەیشکێنە. لە کاتێکدا ئێوە لە سەرەتاوە بە ڕوونی بۆتان دەرکەوت کە هەمووتان ماشینێکی مۆدێل بەرزتان هەیە.. هیچ مرۆڤێك نییە بەهێزترین و جوانترین ماشینی دنیا لە ناخیدا نەبێت، چ ئەو موعتادە، چ ئەو پۆلیسە، چ ئێوە، چ هەر کەسێك.. ئەم ماشینیە لە بوونتاندایە، پاسکیل چییە؟! ئەگەر لەخۆت بدەیت و لەگەڵ خۆت خراپ بیت و لۆمەی خۆت بکەیت و بڵێیت ئەم ورگە چییە دەرپەڕیوە، بۆچی سەرم دەڕووتێتەوە، ئەمە نەژنۆیە من هەمە؟! ئەوا سەرکەوتوو نابیت.. هەموو کێشەکان لەوێوە دەست پێدەکەن کە من پەیوەندیم لەگەڵ خۆم خراپ دەبێت، هەرکات پەیوەندیم لەگەڵ خۆم خراپ بوو، ئیتر برێکەکەم ڕادەکێشم و ...

دەددمێ، چونکە دەمەوێت بیشکێنم! مەشرووب دەخۆمەوە، جگەرە دەکێشم، لەگەڵ ژن و منداڵەکانم شەڕ دەکەم، تەواوی ڕێگاکانی سەرکەوتنی ئابووریم دادەخەم، هەر شوێنێك باش بێت نارۆم، هەر شوینێك خراپە دەڕۆم.. هەیە دەڕوات بۆ لای دکتۆر کۆلێك دەرمانی بۆ دەنووسێت، سی چل هەزار دەدات بە دەرمان.. دکتۆر باشە، دەرمان لە جێگەی خۆیدا باشە، بەڵام ئەگەر بزانێت سیمینارێك، ۆرکشۆپێکی باش هەیە، دەڵێ پارەم نییە، نەخۆشم! نەخۆش نیت، سیستەمەکەت کوژاوەتەوە.

ڕۆژێك یەکێك لە فرۆشیارەکانم هات بۆ لام، گوتم بۆچی کەمت فرۆشتووە؟ گوتی: بەڕێز موعەزەمی خەڵك پارەیان نییە، لەکوێی بهێنن؟ گوتم: چۆن پارەیان نییە؟ گوتی: ئەسڵەن پارەیان نییە، ناتوانن، کاڵاکان گرانن.. گوتم: بە ڕاستی تۆ باوەڕت وایە؟ گوتی: بەڵێ. کەمێك قسەمان کرد و ڕۆیشتە دەرەوە، دواتر بە کارمەندەکانم گوت وەرەنە ژوورەوە ئیشم پێتانە، ئەوکاتە لەگەڵ کۆمپانیای ئینتەرناشناڵ ئیشمان دەکرد، ئەو زەمانە مۆدێلی ماشینی پژۆ بوو، گوتم پێنج ماشینی پژۆ هەیە بە لەسەدا چل کەمتر دەیفرۆشن، من پارەم نییە بیکڕم، کەس هەیە لە ئێوە بیکڕێت؟ هەمووان گوتیان دەمانەوێت. ئەوەی کە دەیگوت خەڵك پارەیان نییە، گوتی: منیش دەمەوێت.. گوتم خۆ تۆ پارەت نییە!

گوتی: پەیدایدەکەم. گوتم چۆن پەیدایدەکەیت؟ تا نیوەڕۆ جوابم بەرەوە، چونکە ئەمان پارەی نەقدیان دەوێت.. ئەو ڕۆیشت و تا نیوەڕۆ هەمووان گەڕانەوە، هەمووان لیستێکیان ئامادەکرد کە چۆن پارەی ئەم ماشینە پەیدا دەکەن: ئەو گوتی بە هاوسەرەکەم دەڵێم ئاڵتوونەکانی بفرۆشێت، پارچەیەك زەویم هەیە دەیفرۆشم، هەندێك لە فلان کەس قەرز دەکەم، گوتم دەیکڕیت؟ گوتی: بەڵێ. گوتم پارەکەت بێنە. گوتی: کاکە دەیکڕم، بەخودا پارەکە هەمووی ئامادەیە. گوتم ئەزیزی من، تۆ خۆت دەتگوت پارەم نییە، چۆن ئەو هەموو پارەیەت پەیداکرد؟ گوتی: ئاخر ماشینەکە ئەوە دەهێنێت. گوتم دەی کێشەی تۆ هەر ئەوەیە، نازانی کاڵاکەت بفرۆشیت. هێشتا کڕیار باوەڕی بەوە نەهێناوە ئەم کاڵایەی کە پێی دەفرۆشی، ئەوە دەهێنێت کە بیکڕێت.

ئەو کەسەی دەڵێت پارەم نییە لە بەرانبەر فلانە شتتدا بیدەم، ئەوە هێشتا باوەڕی بەوە نەهێناوە کە ئەو شتە بۆ ئەو پێویستە، ئەو کەسەی کە دەڵێت من پارەم نییە لە فلان سیمیناردا بەشداری بکەم، یان ئەو پەرتووکە بکڕم یان هەر شتێکی تر، باش بزانن نایەوێت.. هەر ئێستا خودانەخواست نەخۆشی دڵ یان شێرپەنجە بگرێت، ملیۆنان دینار پەیدا دەکات بۆ دکتۆر و دەوا و دەرمان،

Scanned by CamScanner

بەڵام بۆ تەندروستیی ڕۆح و دەروونیی پارە نادات، بۆ ڕێگریکردن لە نەخۆشی پارە نادات.

هیچ یەکێك لە ئێوە نابێت هەژار بێت، ئەسڵەن هەژاریی چییە؟ هەژاری لە زیهنەوەیە.. پێوستە هێندە سەرکەوتوو و دەوڵەمەند بیت تەنانەت زیاتر لەوەیش کە پێویستت پێیەتی، بۆئەوەی بتوانیت ببەخشی و خێری لێبکەیت.

کلیلی سەرکەوتن ئەمەیە: "خۆتت خۆشبوویت" بەڵام هەندێك کەس دەڵێن: "بەڕێز موعەزەمی، ئەمانەی کە دەیلێیت زۆر ڕاستن، من زۆر خۆمم خۆشدەوێت، عاشقی خۆمم و قوربانی خۆم دەبم، بەڵام دیسان هیچم دەستناکەوێت و سەرکەوتوو نابم!" بە زمان نییە، بەکردارە، ئەو شوێنەی کە دەبێت خۆتت تێیدا خۆشبوێت مێشکی ناخوودئاگاتە، چونکە ئەو ماشینی سەرکەوتنەت لە وێدایە؟

ئەگەر شاخێکی سەهۆڵ لەناو دەریایەکدا لەبەرچاو بگرین، لە سەدا دەی دەبینین و لە سەدا نەوەدی نابینین، مێشکی ئێمەش وەك ئەو شاخە سەهۆڵە وایە کە لەناو ئەو دەریایەدایە، ئاگایی ئێمە سەبارەت بە خۆمان لەسەدا دەیە و لە سەدا نەوەد کارەکانمان لە ڕووی نائاگاییەوە ئەنجام دەدەین، مێشکی ئاگا لە چرکەیەکدا دوو هەزار و پێنجسەد کاردانەوە ئەنجام دەدات، بەڵام نائاگایی لە

چرکریەکدا چوارسەد ملیارد کاردانەوە نیشان دەدات. میکانزمی سەرکەوتنت، یان ماشینی سەرکەوتنەکەت لە نائاگایتدایە، دەبێت تۆ لە بەشی نائاگاییدا، واتە لە دەروونتا خۆتت خۆشبوویت.. شەو کە دەخەویت، خەوی سەرکەوتن ببینیت.. کاتێك ماشینی سەرکەوتنت کەوتە ئیش، رۆژ و شەوی نییە، شەو تا بەیانی کە خەوتوویت، ئەو کارەکانی ئەنجام دەدات! هەندێجار یەکێك قسەت بۆ دەکات، دەڵێت: من چووم بۆ رەفسەنجان، تۆش دەڵێیت: ئاا شلەی باینجان.. ئەو دوو قسەیە پەیوەندییان بە یەکەوە نییە، بەڵام لە مێشکتدا پەیوەندیی هەیە، مێشکت پێتدەڵێت ئەو وشەیەی لە خشتەکەدا بۆت نەدۆزرایەوە بە ناوی شلەیەکی ئێرانی، شلەیەکی باینجان بوو، واتە ناخودئاگات ئیش دەکات.

زۆرجار روویداوە شەو خەوتوویت، لە ناکاو بەئاگادێیتەوە و دەڵێی: خەوم لێ ناکەوێت! دەتەوێ حەپ بخۆیت، نا حەپ مەخۆ، ئەوە ئەم ماشینە بەئاگای هێناویتەوە.. دەیەوێت هەواڵێکت بداتێ، بەڵام تۆ گوێی لێناگریت.. هەرکاتێك تووشی بێخەویی بوویت، قەڵەم بخە سەر کاغەز و بنووسە.. گرنگ نییە چی دەنووسیت، هەموو رێگەکانت پێدەڵێت. نامانج بۆ خۆت دیاریبکە، بە مێشکت بڵێ کە چیت لێیدەوێت، چۆنێتیی دەستەبەرکردنی پەیوەندیی بە تۆوە نییە، چۆنێتییەکەی ئیشی

ناخودئاگاتە.. کێشەی گەورەی مرۆڤەکان ئەوەیە دەیانەوێت بە عەقڵیان، واتە بە ئاگاییان تەواوی کێشەکان چارەسەر بکەن، بۆیە سەرناکەون.. ئەمەش وەك ئەوە وایە یەکێك بە ئاگایی بیەوێت یاریی تۆپی پێ بکات! مەگەر دەکرێت پاڵەوانێکی تۆپی پێ بچێتە ناو یاریگاوە و بڵێت: تۆپ بە خێرایی سی کیلۆمەتر لە خولەکیکدا دەڕوات؟! با لە باکوورەوە بۆ باشوور هێزەکەی ئەوەندەیە، پلەی گەرما ئەوەندەیە، کێشی من ئەوەندەیە، شوتەکەم ئەگەر دوو پلە بڕۆمەدواوە...تاد. ئەگەر وابکات کاتێك دەزانێت دەڵێن بڕۆ بابە تۆ لە کوێیت، یاری تەواو بوو.. کەسی سەرکەوتوو کەسێکە لە کاتی پێشکەشکردندا بیر ناکاتەوە، بەڵکوو بە هەموو وجوودیی و بە ئیحساوە یاری دەکات.

مەگەر نەمانگوت عاشقی کارەکەت بە؟ ئیحساس لە ناخودئاگاتدایە، کەسی واهەیە دەڵێت من فلانە شتم دەوێت، ددڵێن کاکە مەگەر عەقڵت نییە ئەمە بەکەڵکت نایە! دەڵێت من هەر ئەوەم دەوێت، بۆچی ئەوەی دەوێت؟ چونکە عاشق بووە و ئیحساسی خرۆشاوە، سەرکەوتنی تۆ لە نائاگایتدایە، لەوێدایە وەڵامەکەی وەردەگریتەوە، لەوێدایە ئەنجامەکەی وەردەگریتەوە.

سەرکەوتن: "لە خۆشویستنی خۆتەوە دەست پێدەکات.. خۆشویستنی خۆت و قبوولکردنی خۆت هەر بەو شێوەیەی کە

هەبێت" خوانەکات لە ناکاو لەگەڵ خۆتدا خراپ بێت، شەرم لە خۆت بکەیت، بۆچی کورتەباڵام؟ بۆچی قەڵەوم؟ هەرچۆنێکیت ڕێز لە هەموو جیاوازییەکان بگرە، جیاوازییەکان خاڵە باشەکانن.

لە یادتان بێت خوداوەند دنیای جیاواز خولقاندووە، مرۆڤەکانی جیاواز دروستکردووە، ئەمەش بەهایە، هیچ کات نەتەوێت هەمووان وەکو تۆ وابن، هەرگیزیش قبووڵی مەکە تۆ لە کەسێکی دیکە بچیت، هەر ئەوەندەی کەوتییە ناو ئەم تەڵەیەوە، خۆت دەسڕیتەوە.. هەندێك لە مرۆڤەکان تەواوی هەوڵیان بۆ ئەوەیە لە کەسێکی تر بچن، وادەزانن ئەوە سەرکەوتنە! دەڵێت حەزدەکەم وەك فلان کەس قسە بکەم، وەك فلان کەس جل لەبەربکەم! نا ئەزیزی من، دەتوانیت کەسانی تر بکەیت بە پێشەنگ و نموونە، بەڵام بەنرخی سڕینەوەی خۆت نا! بوونی تۆ نرخی هەیە، تۆ ئەڵقەیەکی لە زنجیرەی ئەم گەردوونە! هیچکات ئەسڵی خۆت مەفرۆشە بۆئەوەی ساختەی ئەوانی تر بکڕیت.

تۆ لە هەر بارودۆخێکدا ئەسڵی خۆتیت، بۆنموونە ئەگەر من لاسایی کەسێك بکەمەوە، دەڵێن: "جەنابی موعەزەمی لاسایی فلانە کەس دەکاتەوە!" ئەسڵی خۆتبە! ئێمە بەهەڵە فێربووین سەرکەوتنی خۆمان تەرخانکردووە بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پەسەندکردنی ئەوانی تر، ئەوە لە یادبکەن، ئەگەر دەتەوێت

سەرکەوتوو بیت، یەکەم کەس کە دەبێت پەسەندت بکات، خۆتیت! کاتێك لە خۆت رازی بوویت و رێزت لە خۆت گرت، ئەوکات دەزانیت خودا چەندە خۆشیدەوێیت، چەندە پەسەندت دەکات! ئەو دەمێکە ئێمەی پەسەندکردووە، بەڵام ئێمە چونکە لەگەڵ خۆماندا ئاشت نین، ئەم ڕەحمەتە نابینین، دەبێت لەگەڵ خۆمان ئاشتببینەوە، ئەگەر تاکێك، خێزانێك، شارێك، وڵاتێك، میللەتێك خۆی خۆشویست، هەمان ئەو رەفتارە لەگەڵ خۆی دەکات کە حەز دەکات ئەوانی تر لەگەڵیدا بیکەن.

گوتمان هەمووان وەك یەك سەرکەوتوون، باشە ئەی جیاوازی مرۆڤەکان چییە؟ بۆچی بە ڕووالەت هەندێك کەس سەرکەوتوون و هەندێکیش سەرکەوتوونین؟ جیاوازییەکە لە چیدایە؟ ئەندازەی جیاوازیی کەسەکان لە یەك شتدایە ئەویش: "پێناسەیان بۆ سەرکەوتن".

کەسی واهەیە دەڵێت: گوێبگرە کاکە، یەك ملیۆن دەدەم و ئەو دە هەزارە لە قورگت دەهێنمە دەرەوە! ئەگەر وا بە من بڵێت، دەڵێم: زۆر سوپاس گیانە، من دە هەزارەکەت دەدەمێ، تۆ ئەو یەك ملیۆنە بدە بە من، ئیتر نە تۆ نارەحەت دەبیت، نە من! دەڵێت: نا، هەر دەبێت بتدەم بە زەویدا! باشە وا منت دا بەزەویدا و پان بوومەوە، چیت دەستدەکەوێت؟! ئەم جۆرە کەسانە ئامانجیان

ئاو خواردنەوەی دڵیانە، دەیانەوێت دڵیان ئاو بخواتەوە! هەیشە تەواوی هەوڵی ئەوەیە دەرمانی نەخۆشییەك بدۆزێتەوە، پزیشكێك تەواوی هەوڵی ئەوەیە نەخۆشێك چاك بكاتەوە، هەندێك كەس تەواوی هەوڵیان ئەوەیە سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆیان ڕابكێشن، باشە سەرنجی ئەوانی تر بە لای خۆتدا ڕادەكێشیت، بەرژەوەندیی خۆت، دەرامەتی خۆت، ژیانی خۆت چی لێ دێت؟ هەندێك كەس دەیەوێت سەركەوتوو بێت بۆ ئەوەی هەمووان بڵێن چەند كەسێكی باشە، بەڵام خۆی هیچی نییە!

ئەگەر دەتەوێت كەسێكی سەركەوتوو بیت؟ دەبێت كەسێكی باش بیت.. ئێ هەمووان باشن پێویست ناكات بیسەلمێنیت، كەواتە جیاوازیی مرۆڤەكان لە پێناسەیاندایە بۆ سەركەوتن، پێناسەی تۆ بۆ سەركەوتن چییە؟ بینووسە، بڵێ كاتێك من دەڵێم سەركەوتووم، چیم دەوێت؟ هەر بە ڕاستی هەندێ هاوڕێ پێم دەڵێن: مەحموود ژنێكمم دۆزیوەتەوە زۆر موهیم و شازە! دەڵێم زۆر باشە چییە؟ دەڵێت دكتۆرەیە، دەمەوێت بەو ژنەی لێی جیابوومەتەو بڵێم كە من دكتۆرە شووم پێدەكات! سەرنج بدەن، ئەم كەسە نەهاتووە بۆ ئەوە زەواج بكات كە بەختەوەر بێت، هاتووە پۆز بەسەر كەسێكدا لێبدات، دواتریش وەكوو سەگ و

مەیموون پێکەوە ناگونجێن، چونکە هاوسەرەکەی بروانامەی هەیە و دکتۆرەیە، بە ئاسانی دەرەقەتی نایە، ژیانیان تێکدەچێت.

دەبێت بزانیت چیتدەوێت؟ ئامانجت چییە؟ پێویست ناکات پۆز لێبدەیت، ئەسڵەن لە پۆزلێدان وەرە دەرەوە، لەگەڵ خۆت ئاشت بەرەوە، بڵێ خودا رەحم بەویش و بە منیش بکات، من چی بکەم بۆ ئەوەی بەختەوەربم؟ کاتێك بیرت لای ڕووخاندنی ئەوانی ترە، دڵنیابە یەکەم هەنگاوی شکستی خۆتت ناوە و چاڵت بۆ خۆت هەڵکەندووە، کەس ناتوانێت خراپەی کەسانی تری بوێت و خۆی بەختەوەر بێت.

ئێستا ئێمە کاتێك دەڵێین زیرەك و سەرکەوتووین، مەبەستمان لە سەرکەوتن و زیرەکی واتە: "خۆشویستنی خۆت، ئاشتی لەگەڵ خۆت، میهرەبانی لەگەڵ خۆت"ە.

باشە من ئاشتم لەگەڵ خۆم، میهرەبانم، نیشانەکانی چین؟ هەر کاتێك زەردەخەنەت کرد بەختەوەری، هەرکاتێك نەتتوانی پێبکەنیت، برۆ ناو دنیای ناختەوە، بزانە لەو خوارە چ باسە کە ناتوانیت پێبکەنیت؟

لێرەدا دەمەوێت تەمرینێکتان پێبڵێم کە خۆم زۆر ئەنجامی دەدەم..

هەر ئێستا سەر و سینگت بهێنە پێشەوە و سەرت بەرز رابگرە و توند توند هەناسەیەکی قووڵ هەڵبکێشە و بە دەنگێکی بەرز بڵێی: "من کەسێکی بەدبەختم" پێکەنین دەتگرێت، بۆچی؟ چونکە ئەمە تەمسیلی بەدبەختی نییە. لە ٨٠٪ی سەرکەوتنی ئێوە سەروسیماتانە.. من دەڵێم سەرت بەرز رابگرە، نیگایەکی راستەوخۆ، زەردەخەنەیەك بخە سەر لێوت، تۆ دەڵێی نابێت، ناتوانم.. بۆچی نابێت؟ دەڵێیت خەمبارم، لێمگەرێ، برینم مەکولێنەرەوە.. دەڵێم هەستە پێبکەنە، دەڵێیت ئاخر چۆن پێبکەنم، ناتوانم. دەڵێم هەوڵی خۆت بدە.. دەڵێیت نابێت! بۆچی نابێت؟! هەر یەك لە ئێمە بیرکردنەوە و ئیحساس و رەفتارمان هەیە، تۆ لە بیرکردنەوەتدا قسەیەك یان شەپۆلێکی بیرکردنەوەت هەیە کە من کەسێکی بەدبەختم، کاتێك بیرکردنەوەت بەدبەختی بێت، هەستیشت ژاکاو و داتەپیو دەبێت، ناهێڵێت پێبکەنیت.. راستدەکەیت بیرکردنەوەت ناتەندروستە، بەڵام خۆ دەتوانیت رەفتاری ئیرادیت هەبیت، چۆن؟ سەرت بەرز بکەرەوە، سنگت بهێنەرە پێشەوە، زەردەخەنە بخە سەر لێوت، بۆچی؟ چونکە رێسایەکی زۆر سادە هەیە بە ناوی هەماهەنگی (coordination) واتە ناکرێت لە سەری تۆدا بیرێکی ناتەندروست هەبێت و قیافەت رێکوپێك بێت، هەروەها ناشکرێت

Scanned by CamScanner

لە سەری تۆدا بیرێکی باش هەبێت و جەستەت نارێکوپێك بێت، ئەم دووانە دەبێت پێکەوە بگونجێن.. دەبێت بیرت، ڕەفتارت، خرۆشانت، هەموو ئەمانە لەگەڵ یەك هاوئاهەنگ بن.. هەر کاتێك نەتتوانی بەرانبەر بیرکردنەوەت بوەستیتەوە، بە ئیرادە و تیکۆشان ڕەفتارت بگۆڕە، جلوبەرگی باش لەبەربکە، خۆت بڕازێنەرەوە، خواردنێکی باش بخۆ، سەرت بەرز ڕابگرە، مێشکت پێت دەڵێت: ئەم کارانە چین دەیانکەیت! ئەم ئەدا و نەتوارانە چییە دەیاننوێنیت! بگەڕێوە سەر شوێنی خۆت! تۆ بڵێ: باشە دەگەڕێمەوە، جارێ دەمەوێت وابم.. هەروا بەردەوام و بەردەوامبە، ئەو دەڵێت وەرە خوارەوە، بڵێ نایەم.. دواجار مێشکت دەڵێ ئەمە گێژ بووە لێیگەرێ، بیرێکی باش بهێنە! من وەك مەحموودی موعەزەمی، پێم باشترە گێژێکی بەختەوەربم، نەك زانایەکی بەدبەخت.. تکادەکەم هەمووتان لەگەڵمدا بن، بەختەوەر بن.

ئەو کەسانەی هەوڵدەدەن لە شوێنی کارەکەیان، یان هەر شوێنێکی تر وەك سەربازگە ڕەفتار بکەن، هەمووان یەك جلیان لەبەردا بێت، هەمووان یەك ڕەنگ بن، هەمووان یەك خواردن بخۆن، ئەوا هەمووان وەك یەکیان لێدێت و دنیا لەنێو دەچێت، چونکە خودا ئەمەی ناوێت، دەبێت تۆ لە من جیاواز بیت و منیش لە تۆ جیاوازبم، یەکێك ڕەنگی کراوەی لێدێت، یەکێك

ڕەنگی ماتی لێدێت، یەکێك ڕەنگی ڕەشی لێدێت.. دەبێت ڕێز لە جیاوازییەکان بگرین. جیاوازییەکان بەخششی پەروەردگارن، واتە خودای گەورە پێیخۆشە بەجیاوای بمانخولقێنیت.. بۆنموونە گرنگیی بوونی بەرزایی چییە؟ ئاو لە بەرزاییەکەوە دێتە خوارەوە و ئامێرێك لە ژێریدا دادەنێن، بەوەش کارەبا دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر هەموو شوێنێکی دنیا تەخت بێت، هەموو ئاوەکان لە یەك ئاستادا بن، جیاوازییەك لە ئارادا نەبێت، وزە بەدی نایەت، جوڵە بەدی نایەت، ئەوکات ژیان زۆر بێمانا دەبێت! جیاوازی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن، جوڵەیەکی بچووکە لە زەینتدا و پێناسەکەی، پاشان هەنگاونان.

کەسی بەخشندە، هەمیشە شتێك دەبەخشێت کە خاوەنیەتی! ئەگەر دەتەوێت یارمەتیی ئەوانی تر بدەیت، خۆتت خۆشبوێت، خزمەتی خۆت بکە، ئەگەر دەتەوێت بۆ ئەوانی تر بەسوود بیت، بۆ خۆت بەسوود بە. لەوەش گرنگتر، ئەگەر دەتەوێت خێرێك بەوانی تر بگەیەنیت، خاوەنی خێربە، چونکە گۆزە هەر ئەوەی لێدەڕژێت کە تێیدایە، تۆ گۆزەی وجودی خۆت پڕبکە لە هەنگوین، لە شەربەت، لە شیرینی، تا کاتێك لێتڕژا، هەنگوین و شیرینی و عەشق بڕژێت، ئەمەش ئەو کار و ڕێگایە کە تەواوی مرۆڤە مەزن و باڵاکانی دنیا پێیدا ڕۆیشتوون، ئەو کەسانەی دوای

هەزاران ساڵ ناویان لەسەر دڵی مرۆڤەکان هەڵکۆڵدراوە، تەنیا بە یەك ڕێگەدا ڕۆیشتوون، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ئاشتکردووەتەوە و کردوونیانن بە هاوڕێ، دوژمنایەتی و رقیان لە ناخی خۆیان دەرهێناوە، خەڵکیان بۆ ئومێدبەستن بە لوتفی خودای گەورە هانداوە، خەڵکیان بۆ ئومێدبەستن بە ئاینده هانداوە، خەڵکیان بۆ ئومێدبەستن بەخۆیان هانداوە.

بەو جۆرەی خودای گەورە دەیەوێت، کار بکەن، رەفتار بکەن.. سەرەتا بەدەستیبهێنە، پاشان بیبەخشە، سەرەتا کار لەسەر خۆتان بکەن، پاشان ببەخشن.. ئامانجتان هەبێت بۆ ئامانجەکانتان، بەرنامەتان هەبێت و هەنگاوی بۆ بنێن. دوودڵی و بەدگومانی و دژایەتی و رق بخەنە لاوە، یەکدڵ بن، مەترسن لەوەی کە هەڵە بکەن، مەترسن لەوەی بە هەڵەدا بچن، بگەڕێنەوە، قەرەبووی بکەنەوە، بەڵام هەوڵبدەن، ناڵێم مەترسن، دەڵێم بترسن و دەستپێبکەن و هەنگاو بنێن، بشزانن ئەمە ئەو ڕێگەیە کە خودای گەورە دەیەوێت پێیدا برۆن.

خودای گەورە ئەوەی ناوێت کە بڵێیت: "سوپاس، من ئیتر کێشەم نییە!" نا، تۆ بۆ ئەمە بەدینەهێنراویت، هەندێك کەس لە من دەپرسن: "بەرێز موعەزەمی من چی بکەم بۆ ئەوەی سامانداد و دەوڵەمەند بم؟" دەڵێم: "کارێکی زۆر سادەیە، کاتێك ڕازونیاز

لەگەڵ خودای خۆتدا دەکەیت، بڵێ خودایە من دروستکراوێکی تۆم و داوات لێدەکەم یارمەتیم بدەیت، خودایە گیان کارێکم لەگەڵدا بکە بتوانم نانی سەد کەس لە بەندەکانی تۆ بدەم" خودا ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە یارمەتیی بەندەکانی دەدەن، داوابکەن خەرجیی سەد کەس تۆ بیدەیت، کۆمپانیایەك دروستبکە، دەزگایەکی خێرخوازی دابنێ، قوتابخانەیەك دروستبکە.. باش بزانە کە خوداوەند بەمیهرەبانیی خۆی دەستت دەگرێت و سامان و بەرەکەت دەرێژێت بەسەرتدا.. بۆچی دەڵێیت خودایە کارێك بکە من شەرمەزاری خێزانەکەم نەبم؟ دەی مەبە، ئەمە خۆ هونەر نییە! کاتێك داوا لە خودای گەورە دەکەیت، داوای شتێکی گەورە بکە، شتێك کە هیچ مرۆڤێك نەتوانێت بتداتێ، گەوهەری خۆت، ئەسڵی خۆت، مەفرۆشە بە یەك دوو قەران، زەرەر دەکەیت، سەرت بەرز رابگرە، تۆ خودی سەرکەوتنیت، رەنگە نەزانێك پێت بڵێت نا، تۆ لە هیچ شتێك نازانیت، وەرە بزانم تا چیت بۆبکەم، هیچ کەس لە رووی بەزەییەوە کار بەکەسێکی تر نادات، لە خۆڕا حەقدەست بە کرێکارێك نادەن، لە خۆڕا مووچە بە کارمەندێك نادەن، زۆر جاریش ئاسایی کەمی دەدەنێ، چونکە خۆی بە کەم دەگرێت. ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوو بیت، کار بۆ خۆت بکە، ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتووتر بیت، داوا لە خودای گەورە بکە ڕۆزیی

Scanned by CamScanner

چەندین کەس بەهۆی تۆوە بدات، ئەوسا دەبینیت چەنێك بەرەکەت و نیعمەت بەسەرتدا دەڕژێت.

دەمەوێت هەواڵێکی ناخۆشتان بدەمێ، ئێمە دەبێت واقیعبین بین، نابێت خۆمان فریوبدەین: "زۆربەی مرۆڤەکان بەختەوەرنین، زۆرینەی مرۆڤەکان سەرکەوتوونین، هەر لەبەر ئەوە هەوڵدەدەن بە کاری بچووك بچووك، هەستکردن بە ڕەزامەندی بۆ خۆیان دابین بکەن، چونکە سەرنەکەوتوون، نابەختەوەرن". ئێستا با هەواڵێکی خۆشتا پێبلێم، حەیفە ئەمانەتان پێنەلێم، هەواڵی خۆش ئەمەیە: "سادەترین کار بۆ مرۆڤ، سەرکەوتن و بەختەوەربوونە. سادەترین کار بۆ ئێوە، درەوشانەوە و سەرکەوتنە" حەتمەن دەپرسن چۆن چۆنی؟

بۆنموونە:

١ـ "خواردنێکت لە سەلاجە داناوە و هەوایش گەرمە، دوو سێ سەعات یان ڕۆژێك بەسەریدا تێدەپەرێت، خواردنەکە دەخۆیت یان نایخۆیت؟ بێگومان نایخۆیت، بۆچی نایخۆیت؟ چونکە خراپ بووە، لەکوێوە دەزانیت خراپ بووە؟ شێوە و ڕەنگی گۆڕاوە.. نازانیت، کەمێکی لێدەیخۆیت، دەستدەکەیت بەهێڵنجدان و ڕشانەوە! چ کەسێك، چ شتێك، تۆی ئاگادار کردەوە ئەم خواردنە

Scanned by CamScanner

نەخۆیت؟ ئایا دانیشتیت بیرتکردەوە ستریتپۆکۆتی تێدایە و ڕێژەکەی لە دە ملیۆن لە سانتیمەترێکدا زیاترە؟! نا، تۆ بیر لەمە ناکەیتەوە، مەگەر باوباپیرانی ئێمە خواردنی خراپیان دەخوارد؟ مەگەر زانستی پزیشکییان خوێندبوو؟ مەگەر ژینگەناسییان خوێندبوو؟ مەگەر دەیانزانی میکرۆب چییە؟ بەڵام نەیاندەخوارد، بەڵکو غەریزە پێیدەگوتن مەیخۆن. ئەمە بخۆیت نەخۆشدەکەویت، ئەگەر ئەو خواردنە بخۆیت چی ڕوو دەدات؟ تووشی دەرد و ڕشانەوە و سك ئێشە دەبیت، دەپرسن چیت بەسەر هاتووە، دەڵێیت سکم ژاندەکات، حاڵم باش نییە، ئێرانییەکان هەمیشە دەڵێن ئەوە بخۆ بۆ ئەوە باشە، ناڵێن مەیخۆ! خواردن لە گەدەتا ماوەتەوە، ژەهراوییە، هەڵەتکردووە خواردووتە، پێتنەزانیوە، لەگەڵ شتێکی بۆنخۆش و شیریندا بووە، فریوی داویت، ئێستا تووشتی ڕشانەوە بوویت، کێ ئەمە دەکاتە دەرەوە؟ غەریزەت یان پزیشکەکەی ناخت! بۆچی دەیکاتە دەرەوە؟ بۆ ئەوەی ڕزگارت بکات! ژەهرە، خۆت نایزانیت، بەهەڵە خواردووتە، دەیکاتە دەرەوە، کارێك دەکات بمێنیتەوە، زیندووبیت! هەر ئەو غەریزەیە، هەر ئەو هێزە نادیارە کە لە دەروونی من و تۆدایە، من و تۆی گەیاندووە بە ئێرە کە ئێستا بەسەر سروشتدا زاڵین و بۆ سەر ئەستێرەکانی تر دەڕۆین! بۆچی ئەو خواردنەی من و تۆ نایخۆین،

Scanned by CamScanner

گیانلەبەرێکی تر دەیخوات؟ مەگەر ئەو بۆن ناکات؟ مەگەر ئەو تام ناکات؟ بۆچی گورگ و داڵ گۆشتخۆرن؟ مردووخۆرن؟ مەگەر ئەوان جەستەیان ژەهراوی نابێت؟ نەخێر، سیستەمی جەستەیان بەشێوەیەکە ژەهراوی نابن! ئەو خواردنی تازە ناخوات، بۆچی ئەو شتەی بۆ من خراپە بۆ ئەوی تر باشە؟ غەریزەی تۆ، تۆ هەڵدەسنگێنێ و کارێك دەکات بە زیندوویی بمێنیتەوە، غەریزەی ئەو ئاژەڵەش دەڵێت ئەوە بخۆ، ئەگەر ئەو خواردنە بخۆیت، دەمریت، هەموو ئەمانە میکانزمی سەرکەوتنن.

پێت دەڵێن کاکە دەرنەچوویت لە تاقیکردنەوە، کەوتوویت، چی دەڵێیت؟ پێتناخۆشە و دەڵێیت: ئااخ، بەڵام ئەگەر پێت بڵێن بە یەکەم دەرچوویت، لە خۆشیدا دەڵێت: واو! کێ بە ئێوە دەڵێت سەرکەوتن باشە؟ غەریزە، یانی هەر ئەو غەریزەیەی کە تۆ بۆ خواردنی تازە ڕێنمایی دەکات، هەر ئەو غەریزەیە تۆ بۆ سەرکەوتن و تەندروستی ئاراستە دەکات! تۆ بۆ سەرکەوتن خەڵقکراویت، هەروەك چۆن بۆ خواردنی تازە و تەندروست خەڵقکراویت، هەر بەو سادەییە، لەناو دانە بە دانەی خانەکانی لەشی ئێوەدا سەرکەوتن هەیە، هەموو کارێك دەکات تا سەرکەوتوو و تەندروست بێت، چوارسەد ملیارد کاردانەوە

Scanned by CamScanner

نیشاندەدات لە هەر چرکەیەکدا، تا تۆ سەلامەت و زیندوو بیت، ئەمە شتێکی کەم نییە، ڕێزبیگرن، ئەمە هەواڵێکی خۆشە.

کەسانێك هەن دەڵێن بەڕێز موعەزەمی هەموو ئەو قسانەی دەیانکەیت جوانن، هەموویان شیرینن، بەڵام کێشەکان کۆتایی نایەن، وەك شەپۆلی دەریا ئەم دەڕوا و ئەو دێت.. قیستی خانوو، خەرجیی منداڵ، هاوسەر، هاوکار، شارەوانی، بیمە، دارایی.. هەموو کێشەن، تازە ئەم کوڕەیشم سمێڵی بۆر کردووە و سنگم بۆ دەردەپەڕێنێت!

من پرسیارێکتان لێدەکەم: ئێستا بۆنموونە ئێوە کێشەیەکتان بە ناوی وەزارەتی دەرەوە هەیە؟ نەخێر، بەڵام ئەگەر هەر ئێستا تۆ بکەن بە وەزیری دەرەوەی وڵات، یەکسەر کێشەکانی ئاسیا، ئەفریقا، ئەمریکا، بەریتانیا.. هتد، ڕووت تێدەکەن، کاتێك ئەم کێشانە ڕووی تێکردیت، نیشانەی چییە؟ نیشانەی ئەوەیە تۆ وەزیری دەرەوەیت! کاتێك منداڵە بچکۆلەکەت تای لێهاتووە و خەریکیت دەیبەیت بۆ لای دکتۆر، یان نەخۆشە یان دایبی و شیری دەوێت، ئەمە نیشانەی چییە؟ نیشانەی ئەوەیە بوویت بە باوك، بوویت بە دایك، پیرۆزبایت لێدەکەم، یان کەسی وا هەیە دەڵێت: ئەم کوڕەم ڕیش و سمێڵی دەرهاتووە و خەریکە قسەی زل زل دەکات، بەڕێز موعەزەمی شتێکی پێبڵێ، زۆر بێچاو و ڕووە،

Scanned by CamScanner

گەنجی ئەم ڕۆژە شەرمیان نییە! ئەمە نیشانەی چییە؟ هاوسەرگیریتکردووە، منداڵتان بووە، منداڵەکەتان گەورەکردووە و ڕەنجتان لەگەڵدا کێشاوە و ئێستا پێگەیشتووە و باڵق بووە. یان دەڵێت: کاکە چیم لێدەکەیت، کچەکەم لە خەستەخانەیە، نیگەرانیم، ئەمە نیشانەی ئەوەیە خەریکە کچەزات دەبێت، دەبیت بە بابە گەورە، دایە گەورە.

تۆ هەر کێشەیەکم پێبڵێیت، پێتدەڵێم نیشانەی سەرکەوتنە، هەر کاتێك کوڕەکەت یان کچەکەت بەرانبەرت ڕاوەستا و گوتی من خۆم دەتوانم کێشەکانی خۆم چارەسەر بکەم، بڕۆ بەر ئاوێنە و خۆت ماچ بکە، چونکە تۆ سەرکەوتوو بوویت و منداڵەکانت گەورە کردووە. ڕۆژێك دایك و باوکێك هاتن بۆ لای من و گوتیان: بەڕێز موعەزەمی هەرچی بڵێیت دەتدەینێ، بەڵام کارێك بکە ئەم منداڵەمان گوێ لە قسە بگرێت.. گوتم: بۆچی، چی دەڵێت؟ گوتیان: دەڵێت من خۆم بڕیاردەدەم، خۆم بەشەکەی خۆم هەڵدەبژێرم، خۆم خانوو دەگرم!!..هتد. گوتم: زۆری تێناچێت، دەرزییەکی لێدەدەم مێشکی لە کار بکەوێت! دایکی گوتی: وای بەڕێز موعەزەمی، زمانم لاڵ، بۆ وادەڵێیت؟! گوتم دەی وادیارە ئێوە ئەمەتان دەوێت، منداڵێکی شیرەخۆرە بووە، هەرچییەکتان بکردایە هیچی نەدەگوت، ئێستا گەنجێکی بیست و پێنج ساڵەیە

دەتانەوێت وەك ئەو منداڵە شیرەخۆرە وابێت؟! خۆشحاڵبن کە کوڕەکەتان گەورە بووە و سەلامەتە.

هەر کێشەیەك دیوی دووەمی دراوی سەرکەوتنە! هەر کێشەیەك ڕووی تێکردن، سوپاسی خودا بکەن.. وەکو شاعیر دەڵێت: "ئێمە بەوەوە زیندووین کە ئارامنەگرین" ئەگەر ئارامبگرین، دەمرین! تەنیا مردووەکان کێشەیان نییە، ئەوانیش سەرکەوتوو بوون کە بمرن.. من تکادەکەم لەمەیاندا شکستبخۆن، هەموو کێشەکان بە ئازایەتییەوە وەربگرن، زیندوومانەوە ئازایەتیی دەوێت، ڕووبەڕووبوونەی کێشەکان ئازایەتیی دەوێت، ئەمەش کاری من و تۆیە. باپیرانی ئێمە یەك لەسەر ملیۆنی تواناکانی ئێمەیان لەبەردەستدا نەبوو، زۆر باشیش پێشکەوتوون، ئێمەیش منداڵی ئەوانین، با ڕێز لە خۆمان بگرین و خۆمانمان خۆشبووێت، کێشەکان هەرچۆنێك بن، دەتوانین بەختەوەربین، چۆن دەگۆڕێین؟ تێڕوانینت بگۆڕە، بیرکردنەوە و باوڕەکانت بگۆڕە.

ئەوکەسانەی بۆ ڕاوێژکردن دێن بۆ لای من، دەڵێن بەڕێز موعەزەمی: ژنەکەم وادەکات، من چووم بۆ ماڵی خەسوم وایکرد، ئەم وایکرد، ئەو وایکرد، منداڵەکانم وایانکرد، دراوسێکانم وایانکرد، پاشان نازانم کێ وایگوت، کێ وایکرد..هتد! پاشان دەڵێم تەواوبوویت؟ دەڵێت نا، زۆر زۆرە، من لە هەزار یەکێکم

پێگوتویت! دەڵێم باشە باقییەکەشی بڵێ، دەڵێ نا، لە کاتت ناگرم، نەبابە، بیڵێ!!

ئێمە حەزدەکەین لە چاڵی مەزلومییەتدا دانیشن، چونکە سەرکەوتن بەلامانەوە ئەوەیە، لە بنی چاڵەکەدا دابنیشین و تەماشای سەرەوە بکەین و بڵێین: خۆزگەم بەخۆت، تۆ زۆر بەختەوەریت، من بەدبەختم.

+ دەی وەرە دەرەوە!

- ئاخر ناکرێت

+ بۆچی؟

- چونکە ئیتر بەدبەخت نیم

ئامانجی ئەوەیە بەدبەخت بێت، ناتوانێت بەختەوەربێت، چونکە ئەگەر بەختەوەربێت، ئیتر بەدبەخت نییە! هەرچییەکی بۆ دەکەیت، هەرچییەکی پێدەڵێیت، نایکات.. خوشکان، برایان، من چەندین جار بلیتی خۆڕاییم بۆ سیمینار داوە، بەڵام نەهاتوون!

سەرکەوتن بەرلەوەی ڕووداوێك بێت، هەڵبژاردنێکە، بڕیارێکە کە لە زیهنی تۆدا ڕوودەدات، نەوەك لە دەرەوە! لە دەرەوە، تەنیا دەرەنجامی بڕیار و هەڵبژاردنەکان دەبینیتەوە، تۆ هەڵتبژاردووە کە ئەم پەرتووکە لەسەر سەرکەوتن بخوێنیتەوە، خۆت هەڵتبژاردووە، مەحاڵە لەدوای خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە سەرکەوتووتر،

نیگەیشتوگوتر و لۆژیکیتر نەبیت لەگەڵ خۆت و هاوکار و دەوروبەرەکەت، چونکە مێشکت ئێستا بەئاگاهاتووەتەوە، چونکە ئەو ماشینەت هەیە، ماشینەکەت داگیرساوە، هەرکاتێك ویستت لەدەست کێشەکان بۆڵە بۆڵ بکەیت، بەخۆت بڵێ: سوپاس بۆ خودا من زیندووم، هەرکاتێك کێشەیەکت هەبوو، واتە گەیشتوویتە تۆناغێك کە کێشەت هەبێت، ئەو کەسەی ناتوانێت مووچەی کرێکارەکانی بدات، واتە کۆمپانیای هەیە، ئەو کەسەی کێشەی دارایی هەیە، واتە دارایی هەیە.

دەبێت چی بکەین؟ لەکوێوە دەستپێبکەین؟ کەی؟ چۆن؟ دەبێت هەر ئێستا دەستپێبکەین، چی بکەین؟ هەنگاو بنێ، کارێك بکە، پێبکەنە.. تۆ هنگاوت نا ئەم پەرتووکەت خووێندەوە.

ئەم راهێنانە زۆر بەجددی وەربگرە، شەوان بەرلەوەی بخەویت کارێك بکە: پازدە بۆ بیست خولەك بە تەنیابە، نە تەلەفزیۆن، نە رادیۆ، نە مۆبایل، نە ریکۆردەر، نە رۆژنامە، نە دۆست، نە هاوسەر، نە منداڵ.. هتد. ئەم کارە فێری منداڵەکانیشتان بکەن، هەرکەس لە ژوورەکەی خۆی، لەسەر جێگەکەی خۆی، لانیکەم پازدە بۆ بیست خولەك، بەیانیانیش، پێش ئەوەی لە جێگەکەت بێیتە دەرەوە، پازدە خولەك شەو، پازدە خولەك بەیانیان، ئەگەر

Scanned by CamScanner

دەتەوێت زۆر زۆر حاڵت باش بێت، نیوەڕوانیش ئەم کارە بکە. ئەم ڕاهێنانە مێدیتەیشن نییە.. وابزانە منداڵێك لەبەردەم پەنجەرەیەك ڕاوەستاوە و خەریکە لە تێپەڕبوونی ژیان دەڕوانێت، نەدەتوانێت قسە بکات، نەدەتوانێت کاریگەری دابنێت، تەنیا سەیردەکات، تۆیش لەبەردەم پەنجەرەی ژیانتدا بوەستە و تەماشای خۆت بکە.. سەیر بکە، بزانە ئەمڕۆ چیتکرد؟ چوویت بۆ کوێ؟ ئەو ماشینیە بهێنە بەرچاوت، بزانە لە کاتی خۆیدا ئیشت پێکرد؟ بەنزینت پێدا؟ لە کاتی خۆیدا ئیستۆپت گرت؟ سەیری ڕۆنەکەیت کرد؟ سەیری ئاوەکەیت کرد؟ چوویتە سەر شەقامی خۆڵ یان نەچوویت؟ تەنیا پازدە خولەك تەماشای ئەم ماشینی سەرکەوتنەت بکە، هەموویت دانە بە دانە پێدەڵێت، چونکە ئەم ماشینە جێگەکەی لە ناخودئاگاتدایە، بەبێدەنگی دەتوانیت بچیتە ناو ناخودئاگاتەوە. ئەوانەی کە هەموو کارێك دەکەن و سەرناکەون، لەبەرئەوەیە ئەم ڕاهێنانە ئەنجامنادەن! هەمیشە دوو پرسیاری گەورە لە خۆت بکە: چی باشتر بوو بمگوتایە؟ چی باشتر بوو بمکردایە؟ بەنزینم بدایە؟ ئیستۆپم بکردایە؟ پێچم بکردایەتەوە؟ ڕامبگرتایە؟ هەمیشە پرسیار لە خۆت بکە، کاتێك زۆریش باشیت پرسیار لە خۆت بکە، چونکە وەڵامی باشترت دەستدەکەوێت! کاتێك پرسیار دەکەیت، مێشکت، ناخودئاگات،

Scanned by CamScanner

دەرگیر دەبێت چی باشتربوو بمکردایە؟ مێشکت واز لە هەموو بیرێك دەهێنێت و دەڵێ: ئەم کارە بکە! باشتربوو چیم بگوتایە؟ بتگوتایە داوای لێبوردن دەکەم، ئاخر لەخۆی بایی دەبێت، دیسان بڵێ داوای لێبوردن دەکەم.. پێتدەڵێت، چونکە میکانزمی سەرکەوتنە، هەڵەتکرد بڵێ داوای لێبوردن دەکەم، هێشتا هاوڕانیم لەگەڵت، بەڵام داوای لێبوردن دەکەم، هەڵەم کرد ئەو قسەیەم کرد، بێدەنگبن، خەڵوەت بکەن، ئەم خەڵوەت و بێدەنگییە وەك ئیستۆپە لە کاتی شۆفێریدا، ڕێگە دەگرێت لە چوونە سەر خۆڵ، ئێمە ئەوەندە ئیشدەکەین تا بێهۆش دەبین، بێدەنگ نابین، ئیشدەکەین، تەماشای فیلم دەکەین، ڕۆژنامە و گۆڤار دەخوێنینەوە، بەڵام بێدەنگ نابین! تکادەکەم بێدەنگ بن! کاتێك بێدەنگ بوویت، برێکەکەت دەدۆزیتەوە، برێکەکەت دادەدەیتەوە، دەڵێیت: ئێ، برێکەکەم لێرەدابوو من نەمدەزانی؟! دەڵێیت: کەواتە ئاوایە، من سەبارەت بە سامان ئاوا بیرم دەکردەوە، سەبارەت بە هاوسەر ئاوا بیرم دەکردەوە، وامدەزانی پیاو ئەو کەسەیە کە ژنەکەی دەبێت لێی بترسێت! چ هەڵەیەکی گەورەیە! پیاو ئەو کەسەیە کە ژنەکەی عاشقی بێت! چونکە نیشانەی پیاو ئەوەیە.. پشوو بەخۆتان بدەن، ئەوماشینە پێتدەڵێت ڕاوەستە، وانەزانیت زیاتر ئیش بکەیت، زیاتر سەرکەوتوو دەبیت، وانییە.. میکانزمی سەرکەوتن،

یاساکانی سەرکەوتن، بەزۆر ئیشکردن نییە، بیخەرە ئیش خۆی دەڕوات.

ڕاوەستە، ڕاوەستە، ڕاوەستە، عاشقبە، عاشقی ئەو کارە بە کە ئەنجامی دەدەیت، عاشقی ئامانجەکەت بە، وەکو ئاو خواردنەوە پێیدەگەیت! ئێستا تۆ میکانزمی سەرکەوتنت دۆزیوەتەوە.

هاوڕێیەك لە یەکێك لە سیمینارەکاندا گوتی: بەڕێز موعەزەمی تۆ دەڵێیت هەنگاو بنێ، منیش هەنگاو دەنێم بەڵام شکست دەخۆم، هەڵە دەکەم! گوتم: دەی ئەوەیە سیفەتی هەنگاونان، نیشانتدەدات کە مشارەکەت تیژە یان نا.. مشارت هەیە، بەڵام نازانیت تیژە یان نا، کە زانیت تیژ نییە، دەڕۆیت تیژی دەکەیتەوە.

یەکێك لەو کێشانەی ئێمە لە ژیاندا هەمانە، شەرمنییە، شەرمنی بێچارەت دەکات، زۆربەی مرۆڤەکان هەنگاونانێن، بۆچی هەنگاونانێن؟ دەترسن! ترس لە چی؟ لەوەی شکست بخۆن، شەرمنی یەکێکە لەو ترسانە، چەندجار بەخۆتت گوتووە: "بەخێرنەیەیتەوە، ئاخر بۆچی پێت نەگوت؟" بەخۆت دەڵێیت بۆچی ئێستا بیرم دەکەوێتەوە؟ بۆچی ئەوکاتە پێم نەگوت؟ شەرمنی گەورەترین دوژمنی بەختەوەرییە! گەورەترین تێکدەری

Scanned by CamScanner

پەیوەندیی تۆیە لەگەڵ خۆت! ئەم شەرمنییە بەدرێژایی تەمەنێک لە تۆدا بەدیهاتووە، بەڵام ئێستا خولی پەروەردەیی هەیە بۆ لابردنی شەرم، دەتوانیت بەهەفتەیەك لە ئازاری شەرم خۆت رزگار بکەیت، ئێوەش بەهەر ریگەیەك بێت، ریگەیەك بۆ خۆتان و ئازیزانتان بکەنەوە، داوا لە خودای گەورە بکەن یارمەتیتان بدات، دنیا بکەن بە شوێنێکی باشتر.

شاد و سەرکەوتوو و بەختەوەر بن.

Scanned by CamScanner

مەحموودی موعەزەمی لەم پەرتوکەدا بڕوای وایە هەموو مرۆڤەکان سەرکەوتوون، تۆش لەکۆتایدا بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە باوەڕدەکەیت ئەو ڕاستدەکات کە دەڵێت:"هەموو مرۆڤەکان سەرکەوتوون" بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە (میکانیزمی سەرکەوتنی دەروونیی خۆت) دەدۆزیتەوە، بۆت ڕووندەبێتەوە کە بۆچی سادەترین کار بۆ مرۆڤ سەرکەوتنە و بە سەرکەتن مانەوەیە، فێردەبیت گەیشتن بەو ژیان و ئامانجەی کە بۆ خۆت دیاریتکردووە، وەکوو ئاوی خواردنەوە ئاسانە! هەروەها پەی بەوە دەبەیت کە بۆچی سەختترین کار بۆ مرۆڤ، ناسەرکەوتنە، سادەترین کارەکان سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانن، سەرکەوتن یەك بڕیارە و یەك هەڵبژاردنە وەك لەوەی ڕووداوێك بێت.

لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
نرخ(٣٠٠٠) دینار

Scanned by CamScanner